بەکورتی19: ناکۆتا..... واتای ناکۆتاییبوون بەکۆتایی.. ئازاد حەمە

گفتووگۆی چەمکی ناکۆتاییبوون(بەکۆتاییبوون، ناپایانبوون) Infinity توانای دەستکاریکردنی ئەندێشەی پرسیارسازیی فەلسەفیی و بیرکارییمانی هەیە. گفتووگۆکان بەپلەی یەک چەمکەکە بەرەو زانستە سروشتییەکان دەبەن و لەوێشەوە پەل دەهاون بەرەو گفتووگۆی ئایینیی و زانیناسیی. بەگومان، بە زاستە سروشتییەکان بەکۆتاییبوون ئاستییەکی بیرکاریی یان فیزیکییە، کە ئەوێش بیرکردنەوە لە بابەتی کۆتا/ناکۆتا قوتردەکات، هەرچی زانستە مرۆییەکانە سەرقاڵی روویەکووبوونەوەیە لەگەڵ چەمکی ناوبراودا.
هەمای بەکۆتایی (∞) هەمایەکی بیرکاریە و نوێنەرایەتی چەمکی بەکۆتایی دەکات و گشت چەمکەکێش ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەگەر گەردوون کۆتای هەبێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە گەردوون دەبێت ناوەندێکی (چەق) هەبێت، گەر ناوەندیشی نەبوو کەواتە گەردوون ناکۆتایە(ناپایانە).
گفتووگۆکارانی چەمکی ناکۆتاییبوون دەپرسن: بیرکار و فیزیاناسان زۆریان سەبارەت بە چەمکی بەکۆتاییبوون Infinite گوتووە. باشە گوتنەکان بەرەو کوێدەبردووین؟ باوەڕهێنان بە چەمکی بەکۆتاییبوون دەچێتە خانەی ئەفسانەوە یان بیرکارییەوە؟باشە گفتووگۆی بەکۆتاییبوون لە چوارچێوەی بەکۆتاییدا دەمێنێتەوە؟ناکۆتا دژە جەمسەری خۆی هەیە؟ بۆئەوەی ناکۆتا ڕاڤەبکەین دەبێت کۆتا Finity ڕاڤەبکەین… ئەی کۆتا چییە؟ کە چەق هەبوو بەکۆتا بوونی نییە؟چی پێچەوانەی یان دژەجەمسەری بەکۆتایە؟ بە شتەکان بەکۆتان کاتێک بناغە بوونی هەیە؟ گەر بەکۆتاییبوون بکەری ژیان بێت، چ خەشیەک لە ژیاندا بەدیدەکرێت؟ مەرگ لەبەرەی کۆتا نییە؟ڕاهێندکان کۆتاییان هەیە؟ تواناکانی مرۆڤ لەگەڵ چەمکی بەکۆتاییبوون یەکدەگرنەوە؟ وەکیتر دەکرێت ئەوێش بپرسین: ئایا مرۆڤ بەبێ جیاوازی ئایین و کولتوور، تەگەیشتنی بە بەکۆتاییبوون هەمانە؟
بەکۆتایی چییە؟ بەکۆتایی واتە ئەو شتەی، کە دوایی نایێت و وەستانی نییە، هەرکە وەستاش بەکۆتا کۆتاییدێت. بەکۆتایی چەمکی پەیوانێ و سنووریش دەستێتەوە. هەر بەکۆتایی بەمانای نەمریی، هەمیشەیی و بێادەییش دێت. ئەو شتەی بەکۆتایە دیارناکرێت، بۆیە

گشت بەکەتاییەکی نادیاریەکی لەخەیدا مەتاسداوە.
لە بیرکار و ئەستێرەناسی پۆلۆنی، سەردەمی رێنیسانسەوە، کۆپێرنیکەس Kopernikus فێری ئەوەدەبین کە زەوی بەدووری خۆردا دەخولێتەوە، واتە خۆر چەق. بەڵام شتەکە دواتر ئاڵۆزدەبێت و بۆپی بیرکار و ئەستێرەناسی ئیتالیایی جۆردانۆ برونۆ Giordano Bruno گۆردوون universe بەکەتایە، لە گۆردوونی ناکەتاشدا هیچ پۆویست ناکات چەق بوونی هەبێت و بۆیە لەسەر ئەو تێگەیشتنە بیرکارییە زمانی دەبەن و دواتر لە گەڕەپانی Campo de’ Fiori ی شاری ڕۆما بە زیندووویی دەیسوتێنن.
لای بڕۆنۆ زەوی ناوەندی گۆردوون نییە، زەوی ئەستێرەیەکە وەک ئەوانیتر. گالیلێ لەسەر بنەمای تێگەیشتنی فیزیایی کۆپێرنیکەس خۆری کردە چەقی گۆردوون. ئەم تێگەیشتنانە لەو دەمەدا لەگەڵ تێگەیشتنی ئایینی کڵیسە نەدگونجا و هزری ئایینیش کێشەیکی زۆری لەگەڵ هزری فەلسەفیی و بیرکاریی و فیزیایی سەدەی شانزە هەبوو. بۆیە لەو دەمەدا گفتووگۆی ناکەتای گۆردوون گفتووگۆیەکی ئاگرین بوو و بیرکار و بیریار و ئەستێرەناسان بە ئاشکرا خۆیان لێندەدا.
وەڵای ئەوە، بەکەتایی بۆرگی جۆراوجۆر لەبەردەکات و لەناو ژیان و بوونمانیشدا کاردانەوەی خۆی هەیە. خەڵاهێنان لەسەر بەکەتاییبوون خەڵاهێنانە لەسەر ئەو تێگەیشتنە بە ژیان و بوون کە ئەڕە (ژین و بوونمان) بەردەوامە وەکەتا (پایان) Finity مانای نییە. بەمجۆرە، بەکەتایی بەهەردوو مانا بوونناوی و مەعریفیەکەی واتە بەکەتاییبوونی مەودا(Space / Rymd) و ئامادەبونی هەمیشەیی (ئەبەدیەت) و نەمانی سنوور. لەم ڕوانگەیەوە، کاتێک باسلەوەدەکەین نەوەندە(چەق) بوونی نییە، کەواتە شتێک نییە بۆی بگەڕێنەوە. چونکە سنوور بە مانایە و خولانەوەش بەدووری خۆدا بەکەتایە.
ئەریستۆ دەیویست سەبارەت بە بەکەتایی پەمانبەڵێت،کە"" بەکەتایی بوونی هەیە، بەڵام تەنها وەک ئۆگەڕەک. بە نموونە لە بنەڕەتدا دەکرێت هەڵەک دابەش بکرێت بەسەر چەندین بەشە بە سنووردا یان بەردەوام بێت لە ژمارەدنی تا کاتێکی نادیار، بەڵام ئەمە بە کردەوە وانییە.کەواتە بەکەتاییەکی پێشبینیکراو هەیە، بەڵام بەکەتایی ڕاستەقینە بوونی نییە"".
لەو شوێنەی بەکەتایی زاڵە نەبوون و ووبونی فۆرم جێگرەوەکەیە. هەروەها گەر بەکەتایی بریتیبێت لە بوونی ژمارەی پتر، پتر لەوەی هەیە، ئەمە ژمارە بۆرەو ناکەتا دەبات. کەوابێت بوونی بەکەتایی دەمانخاتە ناو بەردەوامییەوە و بەسنووریبش ڕادەی بەناماننێت. ئەمەش وادەکات ڕادە بە کات و شوێن بوونی نەبێت. هەر خودی نەبێتیش سنووری نییە و بە سنووریی ژمارەش بە سنوور دەبێت. ئەمەش

دەمانخاتە ناو نادیاریيەوە.
کاتێک هاوسەرگیریی دوان بەکەتابوو،واتە سنوور و کۆتای بوونی نییە و خودی هاوسەرگیرییەکەش هەر دەمێنێتەوە. باشە ئەمە لەجیکیی تیایە؟مەگەر هاوسەرگیریی هەڵناوەشێتەوە!! یان هاوسەرگیریی دوچاری ئافاتی بەمتمانەیی و بەوەفایی نابێت.
ساڵانێک لەمەوبەر فیزیازانانی بەشایی ئاسمان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە""گەردوون بێ سنوور گەورەیە. ئەمەش بێ کردەوە بەو مانایەیە، کە گەردوون لە فراوانبوونداید و ژمارەیەکی بەکۆتایی گەلەئێستێرە بوونی هەیە و بەو هەیەوە ژمارەیەکی بەکۆتایی هەسارەکانیشی هەیە. ئەمەو ئەمەی مرۆڤ هیچ لەبارەی ئەوەی لەسەر زەرینەی هەسارە بەشومارەکان هەیە یان نییە نازانین"".
دوا قسەمان تایبەت بە بەکۆتاییبوون ئەوەیە، کە ئایدیای بەکۆتایی دەمانبات بەرەو تەڕامان لە فراوانیی و بەزاندنی سنوور، هەرکە باوەڕیشمان بە تەڕامانەکانمان سەبارەت بە بەکۆتاییبوون هێنا بەوە ئەمە شتگەلێکانی ژیانمان لە گەرووی بەکۆتاییبوندا دەبینینەوە. بەکەوتنە ناو بەکۆتاییبوونی ئەوین یان هاوڕێتییشەوە، کە پرسیاری بوونماویی لەگەڵ خۆی دێنێت، بەکۆتاییبوون پتر لەماناوە نزدیکدەبێتەوە. چونکە سنوردانان بە پەیوەندییەکان سنووردانانە بە خۆشییەکانمان، ئەمەش بە مرۆڤ ئازاربەخشە. بەنموونە ترس لە مەرگ، ترسیشە لە کۆتابوون.

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

ڕاگەیاندنی کونسوڵخانەی چین لە هەولێر لە پاپشتیکردنی گەلی کوردستان.. هەڵە حەسەن

چین بەپێچەوانەی هەندێک وەاتی ڕۆژئاواییەوە جەخت لەسەر دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی دیکە دەکاتەوە و بەشداری دیپلۆماسی و ئابووری لەبری دەستوەردانی سەربازی

بەرەوپێش دەبات. ئەم هەبازە لەگەڵ بنەما فراوانکاری سیاسەتی دەرەوەی چین هاوتەریبە، کە جەخت لەسەر هەزگرتنی یەکتر و دەستوەرنەدان وهاوکاری دەکاتەوە،چین سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتکی خاوەن چەکی ئەتۆمییە، بەردەوام بانگەشە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان کردووە و جەختی لە گرنگی دیپلۆماسی و وتووێژ کردووەتەوە. ئەم هەوستە لە پەیوەندییە کانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەڕەچاوناکات فراوانتردا دیاربووە ، کە چین هەوڵیدا پەیوەندی ئابووری و دیپلۆماسی دروست بکات بەبێ ئەوەی لە ململانێ ئاسایی وزەرجار تووندوتیژانەی ناوچەکەتێکەوتوو بێت- بەیاری چین بۆ کردنەوەی کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان لە سەردەمی بەرزبوونەوەی ململانێ و نادڵنیایی، ئاماژەیکی ستراتیژی و پەیامدار بوو. ئەم هەنگاوە ئامانجی گەیاندنی پەیامی هاوپشتی و پشتیوانی بوو بۆ دەسەڵات و گەلی کورد. چین بۆ پاراستن و تەنانەت فراوانکردنی ئامادەیی دیپلۆماسی خۆی،کونسوڵخانەی گشتی چین لە هەولێر بووە بەردەکی بناغەی پەیوەندییە دیپلۆماسی و مرۆییەکانی نێوان کۆماری گەلی چین و هەرێمی کوردستانی عێراق. لە ڕەگەی دەستپێشخەرییە ستراتیژییەکان لە بەواری پەروەردە، ڕۆشنبیری، گۆشەپێدانی ئابووری و هاوکاری مرۆیی، کونسوڵخانە نەک هەر پەیوەندییە دوولایەنەکانی بەهێزکردووە بەڵکو کاریگەری ئاستوخێی لەسەر کۆمەگە ناوخێییەکان هەبووە بۆ شێوەیکی ماندار،لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣ کونسوڵخانە بە هاوکاری ڕێکخراوی خێرخوازی عەلی بابا و دەزگای چین بۆ گۆشەپێدانی گوندەکان دەستپێشخەریی پڕۆژەی پاندا پاک لە کەمپی ئاوارەی هەرشەم لە هەولێر دەستپێکرد. پڕۆژەکە پێداویستییە سەرەکییەکانی بەسەر خوێندکارانی ئاوارەدا دابەشکرد، هەم یارمەتی پراکتیکی و هەم پەیامی هاودەنگی پێشکەش کرد. لیو جون کونسوڵی گشتی بۆ شێوەیکی شەخسی بەشداری لە مەراسیمی دابەشکردنەکەدا کرد و جەختی لە پابەندبوونی درێژخایەنی چین بۆ پەروەردە و چاودێری کۆمەڵایەتی لە کوردستان کردەوە.

بەشداری چالاکانەی ئەو ڕەنگدانەوەی ڕەبازی کونسوڵخانە بوو کە خێک سەنتەری بوو بۆ دیپلۆماسی،کونسوڵخانەی گشتی چین بۆ دانان بە پەروەردە وەک پردەک لە نێوان کولتوورەکاندا، هەنگاوی کەنکرێتی ناوە بۆ پێشخستنی فێربوونی زمانی چینی لە ناوچەکەدا، بەشی چینی لە زانکۆی سەڵاحەدین: بەبۆنەی 5 ساڵەی دامەزراندنی لە تشرینی دووەمی 2024، بەشەکە بووەتە ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی کولتووری. لیو جون کونسوڵی گشتی ڕەزی لە خوێندکارە سەرکەوتووەکان گرت، وەبیرهێنانی چینی لە گەنجانی کوردستان دووپاتکردەوە،فراوانکردنی پلان بۆ

داڕژراو بە زانکۆی سلێمانی:
هاوکاری کارا هەیە بۆ دامەزراندنی بەشی نوێی زمانی چینی، زیاتر قووڵکردنەوەی هاوکاری ئەکادیمی، بە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری گەلی چین، کونسوڵخانە هەفتەی فیلمی چینی لە شاری سلێمانی سازکرد. لە چالاکییەکەدا فیلمە گرنگەکان نمایشکران کە بینەرانی کوردیان بە مۆژوو و بەهاکانی چین و کۆمەڵگەی مۆدێرن ئاشنا کرد، کە نیشانی دا کە چۆن پێزانینی هاوبەش بە هونەر و چیرۆکگەلێک دەتوانێت پێیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەهێزتر بکات، هەروەها لیو جون کونسوڵی گشتی ڕەسمی سەرکی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی هاوکارییە ئابووریەکانی نێوان چین و هەرێمی کوردستان. بەشداری لە گفتوگۆیەکدا کردووە کە تیایدا تیشک خراوەتە سەر-پڕۆژەی وزەی پاک و ئابووری دیجیتاڵی- بەرنامەکانی بنیاتنانی توانا بۆ پشتگیریکردن لە پەرەپێدانی هەزی کاری ناوخۆیی، ئەم دەستپێشخەرییانە لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکانی گەشەپێدانی کوردستان هاوتەریبن و دەرفەتی نوێ بۆ وەبەرهێنانی چینی لە ناوچەکەدا دەکەنەوە، لیو جون بۆ تێگەیشتن لە گرنگی میدیا و دیپلۆماسی گشتی، کەناڵی کراوەی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی و عێراقی پاراستووە. لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥، میواندارێکی کۆنگرێکی ڕۆژنامەوانی کرد سەبارەت بە "دوو دانیشتن"ی چین (کۆنگرێی نیشتمانی گەل و کۆنفرانسی ڕاوێژکاری سیاسی گەلی چین)، کە تێیدا باسی لەوە کرد: دوایین ئاراستەکانی سیاسەتی ئابووری و دەرەوەی چین، پەتانسێلی هاوکاری چین و حکومەتی هەرێم لە بواری گەشتیاری و پەروەردە و ژێرخانی ئابووریدا، ئەم کراوەییە متمانەی دروستکردووە و هەشیاری گشتی سەبارەت بە ڕۆڵی بنیاتنەری چین لە ناوچەکەدا بەرزکردووەتەوە، بەشداریکردنی چین لە هەرێمی کوردستان زۆر لە دیپلۆماسی تەقلیدی زیاترە. ڕێنگدانەوەی پابەندبوونێکی ڕاستەقینەیە بە گەشەپێدانی بەردەوام و ئاوگەڵی خۆک بە خۆک. لەگەڵ بەردەوامی فراوانبوونی ئەم هەوانە، پێدەچێت لە ساڵانی داهاتوودا بوار بە هاوبەشییەکی بەهێزتر و قووڵتر لە نێوان چین و هەرێمی کوردستان خۆش بکەن.

هێرۆ حەسەن

نەسیبە.. هەژار عوسمان

ئەگەر مرۆڤ بیروباوەڕێکی چەق و بەگومان و یەکلاکەرەوەی هەبێت لە سەر ئەوەی بە خواردن یا خواردنەوە یا بە دەرزی لەدان یا بە بڕکەوتن یا بە هەڵمژینی هەرمادەیەک یا بە هەر کارلێکەکی مادی لە سەر جەستە و دەرونی توشی کێشەیەکی تەندروستی یا نەخۆشیی تەواو دەبێت ئەوا ئەگەری دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە و سکاڵای تەندروستی گەلێک زەرتر لەوەی ئەگەر ئەوباوەڕەی نەبێت ، وە ئەگەر کەسەکە ویستی باوەڕ نەگەڕێکی ترسی زەریشی هەبو لەوەی کە توشی نەخۆشیەکە ببێت ئەوا ئەگەری دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشیەکە چەند ئەوەندە زیاد دەکات.

ئەم کارلێکە دەرونیە ڕوت و پڕتیە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی جەستەیی و دەرونی کارلێکی نەسیبەیی پێدەڵێن کە لە وشەی لاتینیی (Nocebo) وە هاتوە و واتاکەی (زیان و ئازارم پێ دەگەیەنە) یە، ئەمە بەپێچەوانەی (Placebo) یە کە واتا کەی (دەبێت باشمبکاتەوە) کە لە نوسینەکی تەرم دا باسمکردوە. کارلێکی نەسیبەیی بە تایبەتی لەم دەخە تەندروستیانەدا دەردەکەوێت: سکاڵای ئێشی جەراوجەر و دەخە دەرونیەکانی وەک هاوارکردنی بە هۆی دەرکی و کۆنترۆل لە دەستدان و جم و جوڵی لە پێ و بە ئامانج و زیانبەخش، بوڕانەوەی دەرونی و دەخی دەرونیی وەک ئەوەی هەست بکەیت بە لەخۆنامۆبون و یا هەست بەوەی لە خۆن و جیهانەکی سەیر و گەڕاودا بیت.

کارلێکی نەسیبەیی وەک ئەوای بواری تەندروستی لە بوارەکانی تری ژیاندا بە گشتی، کاتێک شتێکی نەباش و نەخوازراو ڕوبدات، هەیە و دەردەکەوێ، بە نمونە کچێک شوناکات یا دەیکات بەنام جیادەبێتەوە، خوێندکارێک ئەو نمرەیە ناهێنێ کە چاوەڕێی دەکرد، کاسبێک شکست دەهێنێت، ڕوداوێکی هاتوچۆی قورس مردنی لەدەکەوێتەوە وەهتد، کەسەکە هەی سەرکیی نەهامەتیەکان دەگێڕێتەوە بە باوەڕە خرافیە زەر زیانبەخش و نەخشخرو پوچ وبێبنەماکانی وەک لەدان بە چاوی پیس و سیحر و نەزای شێ و جنۆکە و .. کە زەربەیان لێگۆیشێی ئاینیان هەیە و ترسکی زەریشیان لێگەدایە. خوێندکارێکی زیرەک باوەڕی تەواوی بە چاوی پیس هەیە و زەریش لێی دەترسە، ئێژەک هاوپەلێکی بە دو چاوی کراوەی زەقەوە هاواردەکات (وەی خوایە تۆ بە ئەوەندە زیرەکی؟)، خوێندکارە زیرەکەکە دوای ئەم قسەیە توشی ترس و بیرکردنەوەی زەر و کەمخەوی و دڵتەنگی و .. دەبێت و ناتوانێ سەعی بکات و بەگومان لە تاقیکردنەوەکانەدا سەرکەوتو نابێت، لەم

خوێندکارەدا (باوەبونی تەواوی بە کارلێکی وەرانکاری چاوی پیس) دەبێتە کارلێکی نەسیبەیی و کاری ژوخنەری سەعی نەکردنی تەدەکات و هەک ئەو دێتە دی و ژودەدات کە باوەی پێیەتی کە ئەمەیە (چاوی پیسی هاوپەلەکەم لەم دەدات و ناهەق نمرەی بەرز بهێنم).

بە سەلماندنی کارلێکی نەسیبەیی ئەم نمونانە دەنمێن: چەند لەکەرێک لە تاقیکردنەوەیەکی دەروونیدا بە خوێندکارەکانیان وت ئەم غازە زیانبەخشە هەمژن کە لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی کەکە و سوتاندنەوەی قوڕگ، لەکەرەکان ئەویان شاردەوە لەیان کە غازەکە هیچ مادەیەکی زیانبەخشی تێدا نیە . ئینجا کەسێکی تر کە خۆی ئەندامی تیمی لەکەرەکان بو بەناو خوێندکارەکان ئەمشیان نەدەزانی ، بە بەرچاو خوێندکارەکانەوە غازەکەی هەمژی و کەوتە کەکە کەک و سکاڵای سوتاندنەوەی قوڕگ، دوای ئەم خوێندکارەکانیش کەوتنە هەمژینی غازەکە ، کەم تا زۆر هەمان نیشانەی کەکە و سوتاندنەوەی قوڕگ لە هەمو خوێندکارەکاندا دەرکەوت. ژنێك لە ماڵەکەیدا نایلۆنێکی چرچ و لۆچاوی دەدەزێتەوە و دەڵێت ئەمە سیحری هەشە ناحەزێک لەمی کردوە و توشی کەشە و بەدبەختیم دەکات، وردە وردە ئەم باوەڕە نەرێنی و زیانبەخش و پوچ و نازانستی و بێبنەما و بەواتایە بەردەوام مشکی داگیردەکات و ئینجا ترسی زۆریشی دێتە سەر لەوەی کە چ ژوداوەکی ناخۆش چاوەڕێی خۆی و خێزانەکەی دەکات. ئەم ژنە لە ماڵەکەیدا لە پەدەکەوتە هاوارکردنێکی زۆر بەرز و ترسناک ، هەمو جەستەی دەکەوتە جم و جۆی لە پێ و بێئامانج و لەرزینێکی سەیر و ترسناک ، ئینجا بیر و هۆشی لای خۆی نەدەما و دەکەوت. لە ترسی ئەوەی لە دەرەوە توشی دەخێکی ئاوا نەبێت ئیتر زۆر کەم دەچێتە دەرەوە و لە ئیش و کاری ئاسایی ژنێکی ماڵ دەکەوێت. وێنەی کەمپیوتەریی مشک و هەمو تەوانینە تاقیگەیی و جەستەیەکان دەریانخست کە لە ژوی جەستەیەوە پاکن و هیچی نیە. ئەم نەخۆشە دوای چەندین جار چون بە لای دوکتۆرێکی دەروونی، دەرکەوت کە باوەڕبونی تەواو بە وەی جادوی هەشی لەکراوە و کارلێکی نەسیبەیی ئەم باوەڕە خورافیە نەخۆشی خستوە، دوای چارەسەری دەروونیی زۆر و ژونکردنەوە و پەدانی زانیاریی تەواو وردە وردە باش بوە. پیاوێک باوەڕی تەواوی بە چاوی پیس هەیە، دوای ئەوەی لە بەنیەکدا خەباتێکی دەدەنە بە نگبەتی توشی ئەو ناسیاوەی دەبێت کە ئەم خۆشی ناوە و باوەڕیشی وایە چاوی پیس، ناسیاوەکەی بە ناڕاستەوخۆ ئیرەیی دەردەبڕێ بەوەی کە ئەم ئەو خەباتەی وەرگرتوە. کاتێک دەچێتەوە ماڵەوە دەچێتە سەر کورسیەکی لاق و لاق بە ئەوەی گەپێکی سوتاوی ژورێکی ماڵەکەی بگرێ بە دانیەکی نوێ، لە کورسی دەکەوێتە خوارەوە و بەڵک ئازاری پەدەگات.کارلێکی نەسیبەیی باوەڕ

بۆ چاوی پیسی ناسیاوەکەی وای دەشڕژنێ و دەترسێنێ کە هەک ئەو دەتەدی کە باوەڕی پێیەتی ئەویش هەوداوەکی خراپ و نەخوازراو کە لەڕادا کەوتنەکەیە و ئازارپێگەیشتنەکەیەتی، باشە ئێگەر ئارام بوایە و نەترسایە و مەشکی ئەوەندە بۆ چاوی پیسی ناسیاوەکەیەوە مەشغوڵ نەبوایە و یا هەر باوەڕی بۆ چاوی پیس نەبوایە و بۆ هەش و وریایی و بیرچێیەکی تەواو کورسیەکی توند و تەڵتر یا پێیژێیەکی ناوماڵی بەکار بهێنایە دەکەوت ؟
لە پاکێتی هەمو دەرمانێکدا کاغەزێک هەیە کە هەمو کارلێکە نەخوازراوە لاوەکیەکانی دەرمانەکەی تێدا چاپکراوە، هەر نەخۆشێک زۆر هەستیار و ترساو و بگومان بێت لە دەرمان ئێگەر بۆ وردی هەمو ئەو کارلێکە خراپانە بخوێنێتەوە ئەوا بۆ ئێگەرێکی زۆر کەم دەرمانەکەی خوارد بۆ هەی کارلێکی نەسیبەییەوە هەست بۆ هەندە لەو کارلێکە خراپانە دەکات و کارلێکە باشکانی دەرمانەکەی لە بیردچێتەوە و ئێگەری هەیە ئیتردەرمانەکە نەخوات.
مەخابن ئیمە لە کوردستاندا باوبونی تەواو بۆ بیروڕای پوچ و بێبنەما و نازانستی (خەرافی) بوتە هەی نەخشیی دەرونی و جەستەیی سەدان هەزار هاوڵاتی بۆتایبەتی کچان و ژنانی لاو و کەم ئەزمون و نەخوێندەوار و ناشنبیر یا تەنانەت ژنانی خاوەن بڕوانامەی بەرزی زانکۆیی، کە ئەمیان لەم سەردەمی زیرەکیی دەستکردەدا زۆر سەیرە، سەیر!!

پەراوێزی سەردەمینی تێکست.. نەژاد عزیز سورمێ

ئەوەی لە مەیدانی ئابووری و سیاسەتدا جێگیربووە لەوەی بە وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی دیکەی پەراوێز، کە بەخاترانە بەجیهانی سێیەم ناسێنرا ، لە بواری میدیادا زۆر بەدیاری لە هەنگدانەوەیشی تێپەڕاندووە و بە متمانە و باوەڕەوە سەری داوەکەی بەدەستەوە گرتووە و چۆنی بوێ وای هەدەسووڕێنێ، نەخاسمە پاش ئەوەی شۆشی تەکنەلۆژیای پێگەیشتن بە چەشنێك پەرەی سەندووە و پێشدەکەوێ باوەڕنەکردە. ئێستا ویستی هەژگار خوێندەوار و نەخوێندەواری لە بازنەی ئەو دەوروبەرەشدا ترازاندووە تێیدا دەژی.. ئەو ئاراستەیەش

بەرهەمی شێشی نوێی تەکنەلۆژیا و کەشوهەوای کراوەیی و نەمانی سنووورەکانە، بەو ئاستەی بە هیچ هێزێك بەری لێناگیرێ و ئەوەی زیاتر و سەرنجڕاکێشتر و خێراتریشە لە پاشترە. بەو هەنگە لۆژیکی لێ شاردنەوە و سەرکوتکردن ئیتر باوی نەماوە و بەسەرچووە.. دەبێ خێشی بێ ترشی بێ، یا جێگا بێ ئەو ئاهەنگە نوێیە چێل بکا، یاخود هەوڵێکی جددی بدا ئەو لیاقەتە پەیدا بکا کە پێ بەپێ لەگەڵ ئەو هەوتەدا بێتەوە و بێوا و ئاسێیەك بێ خێی لەبەر چاو بگرێ لەو پەیامەی کێششی بێ کردووە هەوڵ بدا دانەبڕێ و نەگاتە ئەوەی قازانج سەری مایە بخوا . ئەمڕێ میدیا وەك دەبینین دەستی گەیوەتە زۆربەی مەیدانەکانی ژیان و لە هێزی پێشەوەی بەشدارانی پێکهێنانی هەای گشتی و هەنگێشتنی کولتووورە؛ لەمەشدا ئەگەر بگونجێ بڵێین کارگەکانی بەرهەمهێنان، هەنگی ئەو شەبەنگە دیاری دەکەن و دونیای بەکاربردنیشی ناچارە تیشکە شکاوەکان وەربگرێتەوە و دەقەبەری واقیعی خێی بکاتەوە، کە زۆربەی جار نەك هەر باڵانوێن نین، بەکو ئەوەندە گەورەیشن تێیدا ون دەبین. لەم کاودانەدا دوو دیمەنی جیاوازمان دێتە پێش، بەرهەمهێن و بەکاربەر، کە دوو باری لێك جودا پێك دەهێنن، بەرهەمهێن وەك بنکەیەکی ئاراستەکردن و بەکاربەریش وەك وەرگر کە لە پاشکۆبوونی زیاتر پێ ناکرێ، ئەمەش نهێنییەك نییە تازە ئاشکرا بووبێ، بەکو ئاکامی هەموو ئەو هەڵەتە دواکەوتووانەیە دونیای دواکەوتووی (جیهانی سێیەمی) تێکەوتووە. لە هەلومەرجێکی بەرهەستیی وەك ئەمڕێ کە دواڕۆژی کێشەکەمان لە دووڕیانێکی لەترکزەدایە، وەکو کورد و نیشتمانەکەی، لە کێاوڕۆژنەی کام جیهانبینییەوە هێ هەگرین و چ بکەین ئەگەر وەك بەکاربەری بەرهەمی بەرهەمهێنیش بین؟ چۆن ببین بە کاربەرێکی کارامە و لێزان و لە نهێنییەکان بگەین و لانی کەم و هەر چی نەبێ پشکداری لە پێکەوەنانی ئایندەی خۆمان بکەین و هەوڵ بدەین بگەینە ئەو باوەڕەی ئیتر لە بنبەستی میدیای دەوروبەرمان، بە تایبەتیش میدیای بەبنبەست گەیشتوو و داخراوی عەرەبی بترازێین و بەگوێ و تینێکی تر سوود لەو هەلومەرجە نوێیە وەربگرین و بەردی بناغەی شێشکی کولتووری ئابگەیەنین و هەموومانی تێیدا بەشدار بین. هەنگە سەیر بێتە بەرچاو ئەگەر بڵێین ئێمەش دەتوانین، ئەگەر لە حەقیقەتی هاوکێشەکان بگەین ببینین لایەنی بەرهەمهێن هووی لە خەکی وەك ئێمەیە لە حاڵکدا وڵاتی ئێمە لە ناوچەیەکی هەایساودا هەکەوتووە و لەو ساڵ و زەمانانەش هەروا دەمێنێتەوە. بەنموونە(دامەزراندنی ئاژانسکی تایبەت بە خۆمان بێ دەنگوباس)، لەوانەیە یەکك بێ لەو دەزگا بەرهەمهێنانە، تەنانەت بێ میدیای پێشکەوتووی جیهانیش. لەسەرکی تردە هەوڵ بدەین میدیای کوردی

لەمەودای بەرتەسکی ئێستای دەربچێ و بەسوود وەرگرتن لە دەرهاوردەکانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و مامەڵەکردنی بابەتیانەی دوور لە (ش) لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوخۆ و پشتگوێ نەخستنی ڕووداوەکانی جیهان و دروست کردنی کەشوهەوایەکی ئازادتر بە ڕووکاری چارەسەرکردنی بابەتیانەی هەوا و دەرهاوردەکانی کە بەرامبەر ڕابکێشێ و وێنەی ستراتیژیەتێکی بە فەرهەنگ و ئاراستەگر و دوا ڕۆژێکی گەش بۆ میدیا و تەنانەت کولتووری کوردی بە گشتی بکێشی، کە دیارە لە پاڵ هێزی بەهێزی پەروەردە و خوێندن کەڵەکەیەکی پتەو لە بنیاتنانەوە و دروست کردنی مرۆڤی کورد پێك دێنن. بەپێچەوانەوە کاردانەوەی بەرهەمهێنان لەبەکاربردنی ڕووت تێنەپەڕێ، هەموو دەزگاکانی میدیای کوردی لە جۆرێکی(مراوحة) و لاسایی کردنەوەی لاساییکاران ناترازێنن. دیارە جۆرێکیش ڕەتکی هەرە دیاری سیماکانی بەرهەمهێنانی دواکەوتنە و هیچی تر. لەم ڕاستەشدا میدیای کوردی کە بە پەیام و بێ پەیام دەستی پێ کرد ، وەك ئێستا کە بەر تەوژمەکە کەوتووە هەروا لە سێبەری (میدیای بزنس و ڕیکلام)دا دەمێنێتەوە و تەکنیکی (شێئامێز)ی لی نابێتەوە..

بێ ئاوڕی جارێکی دیکە جینۆساید نەکرێنەوە.. کۆمەڵکوژی ڕێکخراوەی دژە جینۆساید

ئەمڕۆ پێنج شەممە 17-7 بەشێك لە ڕێکخراوەکانی جینۆساید , لە شارەکانی هەولێر, سلێمانی, هەڵەبجە, رزگاری , چەمچەماڵ بە بۆنەی ڕۆژی دادپەروەری تاوانکاری جیهانی گردبوونەوەو کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسیمان ئەنجامدا , کەمەڵَ داواکاریمان خستە بەردەم رایگشتی کوردستانی و عێراقی . دەقی بەیاننامەکەمان ئەمەی خوارەوەیە:

لە یادی 27 ساڵەی دادپەروەری تاوانکاری جیهانیدا

پەیماننامەی ڕۆما کە 27 ساڵ لەمەوپێش و لە 17-7-1998 بریاری لەسەر دراوە, تا ئێستا چەندین جار هەموارکراوەتەوە و 23 ساڵ

لەمەوپێش و لە یەکی یەلی 2002 ەوە دەستی بەکار کردووە, لە ئێستادا 124 وەلات پەسندی پەیماننامەکە و دادگاکەیان کردووەو هەنووکە ئەندامن تیایدا، هەروەها 139 وەلات واژەیان لەسەر کردووە. عێراق لە بەرواری 15-2-2005 بەو هێکەوتنەوە پەیوەست بووە، بەڵام بە هیچ ڕوونکردنەوەیەك دوای دوو هەفتە پاشکشەی لەکردووە.
23 ساڵە ئەم دادگایە بەهەموو کەموکوڕیەکان و ئەو ڕەخنانەی لێی گیراوە بۆتە بەربەستێك تا ڕادەیەك هەستپێکراو لەبەردەم ئەنجامدانی تاوانە زۆرەکان" تاوانەکانی جینۆساید, تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و عدوان" و تا ڕادەیەك کەمکردنەوەیان, لەم پەناوەدا ئەمە زیاتر لە 20 ساڵە بە پسانەوە کار بە بە ئەندام بوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی دەکەین.
لە یادی 27 ساڵەی بەیاری پێکهێنانی دادگاکەو 23 ساڵەی دەست بەکار بونی ئەو دادگایە و ڕۆژی دادپەروەری تاوانی جیهانی, وەك گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە, لە هەموو گەلانی دیکە زیاتر پەویستمان بە دادگایەکی جیهانی لەم چەشنە هەیە, بەهەی ئەو تاوانانەی لە ڕابردوو بەرامبەرمان کراون, بۆیە داواکارین:

- عێراق پەیماننامەی ڕۆما واژۆ بکات و بە زووترین کات پەیوەست بوونی خۆی بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ڕابگەیەنێت, بە ئەوەی دەنەوایییمان بداتە عێراقی ئەمڕۆ و ئایندە جیایە لە عێراقی تاوان و جینۆسایدی پێشوو, بە ئەم مەبەستە پەویستە پەرلەمانی عێراق بە ڕەیی خۆی هەبستێت.
- حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق فشار بخەنە سەر حکومەتی کوردستان 258 تەمەتباری ئێنفال وەك تاوانبار سەیر بکەن و دادگایی بکرێن.
- حکومەتی عێراقی هەموو ئەوانەی وەك تەمەتبار ناویان لە کەیسەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان هاتووە دادگایی بکات.
- حکومەتی عێراقی قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی ڕژەمی پێشوو بکاتەوە بە جیاوازی, لە داوای لەبوردن کردن لەیان و قەرەبووی مادییان تا گەیەنەوەی روفاتی ئازیزانیان.
- حکومەتی عێراقی پێشوازی لە هیچ کەسەك نەکات لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە داواکراو بێت, یان گومان لەکراوبێت لە ئەنجامدان و بەشداریکردن لەو تاوانانەی لە تایبەتمەندی دادگای ناوبراوە.
- پەلە بکرێت لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکەمەکان و هەنانەوەی روفاتی قوربانیان و ئەنجامدانی پشکنین بە ناسینەوەیان.

- قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی تاوانەکانی جینۆسایدو, تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ لە عەرەقدا بکرێتەوە و تاوانباران لە سزا رزگاریان نەبێت.

– دادگای باڵای تاوانەکان عێراق چالاك بکرێتەوە, تاوانبارانی جینۆسایدبە جیاوازی هەموو دادگایی بکرێن و لە سزا رزگاریان نەبێت.

- -تۆڕی ڕۆکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc
- -کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە
- چاودێری کوردستایدسایدچاك
- -تۆڕی ئایکان کوردستان ـــ IKN
- -ڕۆکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان ـــ OAWMD
- -ڕۆکخراوی هەماهەنگی دادپەروەری ـــ OJC
- -ڕۆکخراوی جیهانی بۆ چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی- WWW
- -هەماهەنگی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
- -گۆڤاری تێبزاوە
- -ڕۆژنامەی نگرێ سەلمان
- – ڕۆکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
- -ڕۆکخراوی کوردستان بۆ جینۆسایدKwg

17-7-2025





گۆران و سەراخ و شەقامەکانی
عەقاریی و پرسیار و قاوەخانەی
بەیحانە و من و هەموو شتێ ، بە

بۆ تۆ.. نەوزاد بەندی

(ئەوانەی کە تەنانەت نزاکانیشیان تەنها بۆ خۆشبەختیی خەیانە، بۆ بکەسیی ئەمننەوە)

من کە لەسەرتاپای ژیانما بۆ دوای هیچا نەگەڕاوم ، بۆی بۆ دوای تەدا گەڕام ..پێم سەیر بوو ..!
لەو دنیایەی وەک سینیەک هەموو شتەکی تیا دیارە و
هیچ ون نابێ ، بۆی تۆ هەر وون بووی لەلام ..پێم سەیر بوو ..!
من ، وەک مرۆڤەکی مام ناوەندیی ،
ئەوانەی لە ماڵ چوونە دەر
ئینتەرنێتیان پێ نامێنێ..
تۆ ، وەک مەتەڵخوانەکی کۆن ،
ووتت هەر ڕەیحانە و تۆاو ..
گرنگ نییە لە هەڵندا بی یان پاریس..
تۆ هەفتەیەک کەناری بی و
ئەو قەفەزەکی ژەنگاویی ..
ئەو هەفتەیەک قەڵەشێ بێ و
تۆ قەفەزەکی سیحراویی ..
گرنگ نییە ..
نەهاتبووم دەرگایەک ئاوەڵا بێت و ..
قەرییەک چا دەمکرێ بەم ..
من هاتبووم ،
ئاستەکەی ئامکرد بوو لە خەم ..!
وەک بریندێ پێش سی و هەشت ساڵ ،
لە پزیشکێ هەڵهاتبێ ..
ژیان و مردن بووم پێکەوە ..
وەک تاکە پەستانی ڕەشی
ڕەمانیی ، پێش دەیەها ساڵ ..
نازانم چۆن خەم هەڵندایە ناو زبڵی حیزبەکەوە؟!
پیاوەکی ڕەینکوت لەبەری ،
پانتۆڵ خوری ، پڕاو مەدەلی ئیتاڵیی .. ملپێچکی مام ناوەندیی
وەک ئەوانەی لە ماڵ دەرچوون، مەبایلەکیان بیر چووە یان جزدانێ
..
ئەستا چۆن لەو جەنگەڵدا ،
ئەگەڕێم لە دوای زەنگیانێ ؟ ..

ڕاستەکەی من نەهاتبووم
تۆ بدەزمەوە و بمبینی ..
ئەوەندەی تینوی چاوشارکێی حەفتاکان بووم ..
حەزم ئەکرد بە کەسانکا بگەڕێم ،
باهیچیش نەدەزمەوە ..
بۆ چەند سەعاتێ، منایی و کارەزی وەستاشەریف و
عەتا و ئاژەنی عەلی بەگ هاتنەوە لام ..
لە پەڕاووەن ئەبوونەوە و
هەم بە دوایانا ئەگەڕام ..
من ئەمزانی تۆ خەونت بە شاعیرێکی باڵابەرزی وەجاخزادەی وەک
ئەسکار وایدەوە ئەدی ..
لە ئوتومبیلێکی بوگاتی دابەزێت و ..
لە نهەمی پەنجا و چواری تاوەرەکا،
پێت بێ فەرموو ..وەرە ژوور ..
من ئەمزانی وەک دارتوویەکی پەککەوتە ئەتبینیم و ..
تووی شیعرت ئەچنیەوە ..
ئەتویست وەک حەبیبە لە دوورەوە خەت نەمر کەی،
تاوە نەچیتە بنیەوە ..
بۆ ئاگا بووی لەوەی منیش
وەک ڕاوچیێکی بە هیوا،
داوە هەڵباتە ناو دەریا ..
تەم هەڵئەدا ، تا ڕەژانی زانکۆ و
یادی پێش چل ساڵت پێ ڕاو بکەم ..
تا شیرینت پێ بانگ بکەم ..
(شیرین بە دوو چاوی سەوز و ..
دوو گەنای خۆ و گەشەوە ..
بە جوانترین جل و بەرگ و
سەرسامترین ئەندامی جوانی
لەشەوە ..
هەموو ڕەژە لە ڕەگاکەمدا ئەوەستا ..
لە دنیای پێ سەز هەستا ..
چاوەڕوانی منی ئەکرد ..
هەموو ڕەژە
شیرین بە ماشێنکی شیک
چاوەڕوانی منی ئەکرد
منی هەژار ..
منی تاریک ..

نا ..شیرین ..نا ...)⋆
ئەویش تەنها خولیایەکی سارد و سۆ بوو ..
درەختی تینوو فێنکایی لە کوێ بێنێ ؟
هەوری ئاسمانی ئێم شارێ ،
تەمی خەم و
دوکڵەی جگەرە و ترسی خەڵکەکەیە ،
بەفر و باران بە ئاوایی لە کوێ بێنێ ؟ ..
ئیتر بێ دواتا ناگەڕێم ..

چونکە چیتر هیچم پێ نادڕێتەوە ..
وەرەوە ماڵی باپیرت ..
جارێ وون بووم ،
وەک مردنی کەسێکی مام ناوەندیی وام ،
کەسم پێ کەناکرێتەوە ..

شتی تریش

⋆ ئەوەی ناو کەوانەکە ، شیعرێکی پێش 43 ساڵە، بەناوی ـــشیرین ـــ لە ژمارە 40 ی گۆڤاری کارواندا بڵاوم کردەوە ساڵی 1984 ئەو کاتە تەڵەبەی پەلی یەکەمی کەڵەڕی زانست بووم لە زانکۆی موسڵ

بارین.. ستار ئەحمەد

میوانی شیعرم دەستی هەبێ
پەنجەی خستە سەر کەمەڵك زامم
هێندە تاوتوێی ئەندیشەمی کرد
نەیزانی گۆکەی هیچی ئەنجامم

وەك داری پاییز شەوان دەلەرزم
گەڵام دەبارێت بەسەر باڵاما
ئاسمان فرمێسکی خوێنین ڕەدەکا
بەسەر ئەسرینی خۆری ئاڵاما

هەتا وشەیەك دەکەمە ڕستە

دیوانێك بەدڵ خۆی دەخنكێنێ
ئەلبومێك نییە وێنەم هەگرێ
پێمەردەی ناخم گیانم دەردێنێ

پێ مەنێ بەسەر كۆرپەلەی هەستما
شەهیدی تیغی چوار پارچەی خاچم
جەستەم لێرەیەو ڕۆحم لەدۆزەخ
لەتیلەی مەرگی حەسرەت دەرناچم

تەمەنی عەشقم چەندین پاییزە
هەتا بگەمە سەر چڕی مەزرات
لەگۆشەی پەیەی مەینەتا ژاكام
پەری هێناوەم یەكجارێك نەهات

ستار ئەحمەد

وەسیەت نامە.. شیعری وحشی بافقی.. وەرگێڕانی لە فارسییەوە شەهلا نوری

ئێژی مەرگم...
هەر كەس كۆشیونی كرد لەدەوروو بەرم
دوری بكەنەوە
هەمویان مەست و وەران مەی ئەنگور بكەن
كڕی مردو شەركەم با تەر لە مەی نەشین بێت
مەست مەست و بار پەرشان بێت
ئێ مەدەن بە مەزارم بێت واعیز
پیری مەیخانە با بخونێت غەزەلێكی حافز
لە جێ تەقین لەسەرووی سەرمدا دەف لێبدەن
فریشتەم با سەما بكا
جوملەی خۆكی چەپڵە لێبدەن
ئێژی مەرگم ...

لە میانی سینەم درزێک بترازێنن
لە نێو دەمدا تەنها
یەک لەقی دار بڕوێنن
لەسەر گۆڕم
بنووسن وەفادار بووی!
ئێو هەناو سوتاووە
ماندوە ،
لەم دارە
بووی

شیعری وحشی بافقی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە شەهلا نوری